# سەیــد ئەحمـــەدی خانەقا

## لە هەڵوێستێکی جوامێری دا

● غفور میرزا کریم ●

ڕیشەی بنەماڵەی خانەقا پایەو پلەی گەورە وجوامێریان بۆ مێــژوویەکی دیاریکراوی هاوچەرخ بۆ باپیرە گەورەیان سەید ئەحمــەدی سەردار بۆ بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە ئەگەڕێتەوە، هەروەکو دەوری شکۆمەندیو باڵایان لە مەیدانی ئایین پەروەریو زانستیو چاوکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی بە زەقیو ڕوونی دیارە. کۆمــەڵانی خەڵکی لە ئاستی دەریــای سەخـاوەت و هەڵـوێستی جوامێریو هەڵسوکەوتی میرخاسییان دا دەست بە سنگەوە ئەگرن و باوەشی ڕێزو خۆشەویستیان بۆ ئەکەنەوە کە دواتر بوونە مایەی شانازی جێگای بەرزی گەلەکەیان و ناویان لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردا بە مەزنی تۆمار کرا.

خانەقا وەك دیاردەیەکی ئایینیو لایەنێکی کۆمەڵایەتی دەوری گەورەو تایبەتی لە جێ بەجێ کردنی ئەرکی کۆمەڵایەتیو کاروباری ئایینی نان دان بە دەروێش و صۆفیو داماوان و حەوانــدنەوەیان و ڕێزگرتن لە میوان، چاوکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکیدا کردوەو پیشان داوە کە لە ئەنجــام دا ناوی خانــەقا بە باڵای ئەم بنەماڵەدا براوەو ناوبانگی ئەم بنەمــاڵەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە ناوی بنەماڵەی خانەقاوە دەرچوە وبڵاوبوتەوە، خانەقا لە دوو وشەی کوردی «خانە»و «گـــاە‌گاە» پێـك هاتــوە کە بە مانــای جێگــاو شوێنی نان دانــان و حەوانــەوەی هەژارو داماوانــەوە دێ، کە دواتــر ناوی بە جێگــای بەڕێوەبردنی کاروبــاری ئایینی، بارەگــای تەریقە دانان ڕاو تەگبیرو ئامــۆژگــاری کردنی کۆمــەڵانی خەڵکی چاوگەیەکی وریا بونەوەو بنکەیەکی هەڵشــاخان بە گژاچوون بە ڕووی چەرخی چەپ گەردو بەرامبەر زۆردارو دوژمن دەرکردوە و ناسراوە.

سەید ئەحمەد ١٨٧٣ ـ ١٩٥٢ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە شوێنی شێخ حسین باوکیو شێخ قادری باپیریو باو باپیــرانی لە ئایین پەروەریو جوامێریو زانستیدا هەڵگرتوە و لە سەر ڕێرەوی ژیانی پڕ شکۆمەندیان لەبەر تیشکی هەڵوێستی مێرخاسی دەست بڵاویان لە بەر ڕووناکی ئاقیکردنەوەی ژیانیان دا هەنگاوی ناوەو مەشقی کردوە تا لە ئەنجام دا بە لێهاتوییەوە پایەی گەورەییو زانستی وەرگرتوە بە وێنەی نوێنەری بنەماڵەکەی لە بارەگای خانەقادا بە دروستی ئەرکی ئایینیو کۆمەڵایەتیو کوردایەتی بردوە بە ڕێوە.

خێڵ و هۆزەکانی کورد هەر لە شێخ بزەیینیو شوان و کافرۆشی، جاف، ساڵەیی، هەمەوەنــدو ڕۆژبەیــانیو زەنگەنە تا کاکەیی چ بۆ ڕاوێــژپێکــردنی پێ یان بۆ چارەســەرکــردنی کێشــەیان یان هەر بۆ زیارەت، ساڵ دوانزەی مانگ بەڵکو بە هەمیشەیی هەوارگەی میوان داریــان لە خانــەقــادا ئەخست جگــە لەمــە هەر پیــاوێکی گەورە یا

ناودارێکی سەر بە میری لە ئەستەمبوڵەوە یا لە بەغداوە بهاتایەتە کەرکوك، ئەبوایە بە ناچاری پێڵاوی غەریبی لە خانەقادا بکردایەتەوە وە بە زیارەتی سەید ئەحمەد بگەیشتایە. لەم بارەگایەدا زۆر کارو کێشەی گرنگی عەشایری یا میری یا کۆمەڵایەتی باس ئەکراو لێك ئەدرایەوە نەخشەی چارەنووسی بۆ ئەکێشرا.

سەید ئەحمەد لە ڕێڕەوی ژیانی تەمەنی ٧٥ ساڵی‌دا ڕووداوو قەوماوی گرنگ و تایبەتی دیوە. خانەقا لەم بوارە مێژووییەدا بە هەزارەها میوانی جۆراو جۆری بە خۆوە گرتوە وە جۆرەها کێشەی لە بارەگای‌دا چارەسەر کراوە. ئێمە لە کاروانی ژیانی سەید ئەحمەددا هەر باسی تەنها هەڵوێستێك لەو هەڵوێستە جوامێرانەی ئەکەین کە پێویستە لە لاپەڕەکانی مێژووی ناودارانی کوردا تۆمار بکرێ، کورد واتەنی مستێ نمونەی خەروارێکە. بزوتنەوەی رشید عالی گەیلانی ئاگری ڕق و قینی لە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی دژی بە ئینگلیزی لە سەراسەری عیراق دا خۆشی کرد لە هەموو لایەکی وڵات دا ترسو لەرزی خستە ناو دڵی کاربەدەستانی سەر بە ئینگلیز لە کەرکوك مەڵبەندی کۆمپانیای نەوت «مورەگەی پشتی ئینگلیزەکان» ژیانی کاربەدەستانی گەورەی ئینگلیزەکانی خستە ژێر باری مەترسیەوە. هەڕەشەی سێدارەو مردنیان لێ ئەکردن چارەنوسی دوارۆژیان لێ تاریك کردبون هەروەها هەڵهاتنی شێخ مەحمودی نەمر لە بەغداوە بە دزیەوە وهەوارگە خستنی لە سیتەك و داری کەلی و گردبونەوەی چەکدارانی کورد لە دەوری زیاتر کڵپەی ئاگری قینی لە دڵی گەلی کوردا دژ بە ئینگلیز خۆش کرد. لەم بوارە مێژوویی‌یەدا دەوری باڵا پایەی بەهێزی سەید ئەحمەدی خانەقا لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کەرکوك و دەرەوەی‌دا وەك ڕۆژ بە دیار ئەکەوت حکومەتی رەشید عالی گیلانی بۆ کوتاندنەوەی سەرو گوێلاکی کۆمپانیای نەوت لە کەرکوك فەرمانی گرتنی سێ کاربەدەستی گەورەی کۆمپانیا «چاکمان، لاین، گرین»ی دەرکرد وە خەیاڵیان وابوو کە بە سێدارەکردنی ئەم چەند ئینگلیزە تۆڵە لە ئینگلیزی داگیرکەر بسێنن.

بۆیە ئەنگیان بە متصرف فائق شاکر هەڵچنی وە پەیتا پەیتا داوای خنکاندنی ئەمانەیان لێ ئەکرد.

تەنانەت بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم مەبەستە کاربەدەستانی بەغدا لەگەڵ غروبا سەفیری «المانیا» لە بەغدا هاتن بۆ کەرکوك بۆ لای متصرف. بەڵام متصرف بەرامبەر ئەم داواکردنە ژیریو دووربینی ئەنوێنێ پێیان دەڵێت ئیعدام کردنی ئەم ئینگلیزانە بێ محاکەمەکردن ئاژاوە تان بۆ پەیدا ئەکاو ئەنجامی باش نابێ چاك ئەوەیە لەم شارەدا کە پیاوی گەورەو زانا هەیە بیروڕایان وەرگرین و قسەو ئامۆژگاریان بکەین بە سەر مەشق بەم ڕەنگە ئەنێرن بە شوێن سەید ئەحمەددا.

سەید ئەحمەد زۆر بە لێهاتوییەوە بەرەنگاری فەرمانیان ئەوەستێت، سوور بە سوور تێیان ئەگەیێنێ کە پێویست ناکا ئێوەش بین بە ئینگلیز هەرچی کەسێ دوژمنایەتیتان لەگەڵ دابکا سێدارەی بۆ هەڵخەن ئەم ئینگلیزانە ئەگەر تاوانبارن ئەتوانن بیان دەن بە مەحکەمە با دادگا بڕیاری ڕاستی خۆی بدا بە پێچەوانەوە بە سێدارەکردنیان ئەنجامی باش نابێ بەم چەشنە گیراوەکانی لە پەتی سێدارە ڕزگار کرد هەروەکو بە گەڕانەوەشی شێخ حسەینی کوڕی بە دزیەوە نارد بۆ لای گیراوەکان پێیانی ڕاگەیاند کە حکومەت هەڵوێستی بەرامبەریان خراپەو ئامادەیی خۆیان بۆ ڕزگاربونیان لە بەندیخانە پێشان دا بەڵام دیارە گیراوەکان باشتر لە بارودۆخەکە شارەزاتربون لەو باوەڕەدابوون کە عومری بزوتنەوەکەی رشید عالی کورتە بۆیە وەڵامیان بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی سەید ئەحمە تەنها سوپاس بوو بەس. پاش ژێرکەوتنی بزووتنەوەکەو هاتنەوەی ئینگلیزو دەست و پەیوەندەکانی بۆ سەر دەزگای دەسەڵاتداری ئینگلیزەکان ویستیان پاداشتی چاکەو جوامێریی سەید بدەنەوەبۆیە لە مەلیکی بەریتانیاوە نیشانەی سێرو ئوتومبیلێکیان بە خەڵات بۆ سەید هێنا. سەید بە پێکەنینەوە ڕووی تێ‌کردن بە نوکتەو قسەی خۆش هەردوو خەڵاتەکەی بە سەرادانەوە وتی: من وەختی خۆی خەڵاتی سوڵتانی عوسمانیم وەرنەگرتوە من لە ویژدان و بیروڕای خۆمەوە بەم کارە هەڵساوم هیچ پێویستیم بە خەڵاتی ئێوە نیە هێشتا جێگەی گوللەی ئێوە کە لە شەڕی شعیبەدا پێتانەوە ناوم وا بە شانمەوە بە لای کەمەوە بیست و چوار دێم هەیە ئەتوانم تەنها لە بەراتی چواریەکی دێیەکم ئوتومبیلێکی وەهاتان بۆ بکڕم و وەبە خەڵات پێشکەشتانی بکەم، دوا تکام ئەوەیە پیاوی خۆتان بناسن..

سەر چاوە: ئەم زانینەم لە دانیشتنێکا لەگەڵ بەڕێز مەلا ئیبراهیم کە کاتێ خۆی لە چلەکان دا پەنابەر بوە لە خانەقا لای سەید ئەحمەد وەرگرتوە، هەروەها بەڕێز مێژوونوسی هاوچەرخ جمیل ڕۆژبەیانیش لە خوێندەوەی‌دا پەسندی کردوە.